## ئالین:


# بەرهەمە نوێیەکەم دیارییە بۆ پێشمەرگە و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان

**بەر لە هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر چەند ناوچەیەکی کوردستان خانمە هونەرمەندی رۆژئاوای کوردستان ئالین کە نیشتەجێی وڵاتی ئەڵمانیایە نامەیەکی ئاڕاستەی ئەنجێلا مێرکل-ی راوێژکاری ئەڵمانیا کرد و تێیدا داوای کرد، ئەڵمانیا پشتیوانی لە کورد بکات و داعشی بە دوژمنی مرۆڤایەتی دانا. هۆشداری دا بە مەترسیی داعش بگاتە ئەورووپا و هەڕەشە لە ئاسایشی ئەورووپا بەگشتی بکات، هاوکات پرۆژەیەکی هونەریشی ئامادە کرد بۆ پشتیوانیکردن لە پێشمەرگە و وەك سوپاسگوزارییەك بۆ گەل و حکومەتی ئەڵمانیا بەرامبەر بەو هاوکارییانەی لە شەڕی داعش پێشکەش بە گەلی کوردستانیان کردووە. بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری وردەکارییەکانی ئەم بەرهەمە نوێیەی ئالین بین، بەم شێوەیە وردەکاریەکانی باس کرد.**

سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەو نامەیەی کە ئاراستەی نووسینگەی ئەنگێلا مێرکل-ی راوێژکاری ئەڵمانیای کردبوو ئالین وتی: لە رۆژی ٢٠١٤/٦/٢٩ من لە نامەیەکدا کە ئاراستەی نووسینگەی ئەنگێلا مێرکلی راوێژکاری ئەڵمانیام کردبوو، تێیدا باسی مەترسییەکانی داعشم کردبوو لەسەر کوردستان و ئەورووپا، هەروەها باسی پرۆژە هونەرییە هاوبەشەکەشم کردبوو کە بە نیاز بووم پێشکەشی بکەم. لە رۆژی ٢٠١٥/٠٨/١٩ لە نامەیەکدا خاتوو مێرکل پشتگیریی خۆی بۆ پرۆژەکە دەربڕی، لە نامەکەیدا دکتۆرە ئەنگێلا مێرکل دەڵێ: «پرۆژەکەتان کە تێیدا مەترسییەکانی داعشتان لەسەر جیهان دیاری کردبوو، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر من هەبوو، لە هەمان کاتدا وای دەبینم کە خەباتی هونەری و هونەرمەندان لەسەر ئەم مەسەلەیە مایەی شانازییە و گرنگییەکی تایبەتی و شەخسی لەلای من هەیە، چونکە هونەرمەندان لە پەیامەکەیاندا داوا لە گەنجە موسڵمانەکان دەکەن لە تیرۆر و تیرۆریستان دوور بکەونەوە و لە تیرۆر رزگاریان دەکات، بەتایبەتی ئێستا کە خەریکە تیرۆر دەبێتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتی لە سەدەی بیست و یەکەم، لە هەمان کاتدا وەك ئاماژەتان پێکردووە هەڕەشەیە لەسەر جیهان بە گشتی و بەشێوەیەکی دڕندانە چەندین کەس لە گەنج و پیر و ئافرەت و منداڵ دەبنە قوربانی .من پشتیوانی تەواوی پرۆژە هونەرییەکەتان و پرۆژەکانی داهاتووشت دەکەم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.»

هەروەها جگە لە مێرکل پڕۆفیسۆر مۆنیکا کرۆتیرۆس وەزیری رۆشنبیری و راگەیاندنی ئەڵمانیا بە شێوەیەکی فەرمی پشتیوانی خۆی بۆ پرۆژە هونەرییەکەی ئالین دەربڕی، و ف. زیل وتەبێژی فەرمی حکومەتی ئەڵمانیا لە رۆژی ٢٠١٥/٠٨/١٣ ستایشی ئەم پرۆژە هونەرییە هاوبەشەیان کرد.

وەك وەفایەك ئالین بەرهەمە نوێیەکەی بە هەردوو زمانی کوردی و ئەڵمانییە و لەم بارەیەوە دەڵێ: بەر لەوەی تیرۆریستانی داعش هێرش بکەنە سەر کوردستان من وەك ئەرکێکی سەرشانی خۆم بە چەند سروودێکی نیشتمانی وەك پشتیوانی



خۆم بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەربڕی، ئێستاش بەرهەمێکی نوێم ئامادەیە کە بریتییە لە سروودێك بە ناوی (یەکێتی کوردان) لە تێکستی من و مامۆستا ئەدیب چەلکییە و ئاوازی چەند موزیسیانێکی کورد و ئەڵمانییە و لە درەهێنانی شۆرەشڤان سدیق و وێنەگرتنی رێناس میرانە کە لە هەمان کاتدا دابەشکردنی مۆسیقاشی ئەنجامداوە، بڕیارە لە چەند رۆژی داهاتوو لە کوردستان وەك کلیپ تۆماری بکەم و پێشکەشی پێشمەرگە و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانی بکەم. ئەم سروودە بە تەکنیکێکی بەرزەوە تۆمار کراوە و پێشکەشی پێشمەرگە و هێزە کوردییەکان و جەماوەری خۆمی دەکەم. پەیامی من لەم سروودە بریتییە لە یەکڕیزیی کورد لە هەموو پارچەکان، چونکە دوژمنان لە هەموو لایەکەوە دەوریان داوین و هەوڵی نانەوەی دووبەرەکی لە نێوانمان دەدەن، بۆیە من وەك کوردێك داوای ئاشتی و برایەتی و یەکێتی نێوان رۆڵەکانی کوردستان دەکەم، چونکە بە تەبایی و یەکڕیزی بە ئامانجەکانمان دەگەین. هەروەها لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی حکومەت و راوێژکاری ئەڵمانیا بکەم بۆ ئەو یارمەتی و هاوکارییە سەربازییانەی کە پێشکەشی پێشمەرگەیان کرد لە شەڕی داعش و بووە هۆی گۆڕینی باڵانسی هێز لە بەرژەوەندی پێشمەرگە و تۆمارکردنی سەرکەوتنی گرنگ لە بەرەکانی جەنگ، هەر بۆیەش بەشێکی سروودەکەم بە زمانی ئەڵمانییە.

سەبارەت بە وێنەگرتنی کلیپەکە لە کوردستان خانمە هونەرمەند ئالین دەڵێ: بۆ ئەوەی کلیپەکە زیندوو بێت بە پێویستمان زانی لە کوردستان و لە نێو پێشمەرگە قارەمانەکان تۆماری بکەین، بۆ ئەم مەبەستەش بەرەکانی پێشەوەی میحوەری (وەرتك) مان هەڵبژارد کە چەند رۆژێك بوو لە دەست تیرۆریستانی داعش رزگار کرابوون، لەوێ و لە سەرەتای مانگی شەش تۆمارمان کرد. حەزدەکەم باس لەوەش بکەم لە کاتی وێنەگرتنی کلیپەکەدا کەوتینە بەر تۆپبارانێکی سەختی تیرۆریستانی داعش و زۆر بە زەحمەت رزگارمان بوو، ئەو کات گەورەیی و گیانفیدایی پێشمەرگەم بۆ دەرکەوت کە پێویستە هەموو کوردێك بە چاوی رێز و تەقدیرەوە لە قارەمانێتیان بڕوانێت، لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی گشت ئەو کەسانە بکەم کە لە تۆمار کردنی ئەو کلیپە هاوکارییان کردووم.

لە کۆتاییشدا سەبارەت بە بیرۆکەی گۆرانی و کلیپەکەش وتی: بیرۆکەکەی بۆ نزیکەی دوو ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، دیارە وڵاتی ئەڵمانیا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە بەشدارییەکی کارای هەیە لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش و بە زۆر شێوە هاریکاری کوردانی کردووە و چەکەکانی رۆڵێکی سەرەکییان هەبووە لە کەمکردنەوەی کاریگەری تیرۆریستانی داعش، بۆیە وەك وفایەك بۆ راوێژکار و حکومەت و گەلی ئەڵمانیا بە پێویستم زانی ئەم سروودە بە هەردوو زمانی کوردی و ئەڵمانی بێت، بۆ ئەوەی پێیان بڵێم گەلی کورد هیچ کاتێك دۆستانی خۆی فەرامۆش ناکات، هیوادارم بتوانم بەو سروودە خزمەتێك بە هونەری کوردی بکەم.

**سوپاسی حکومەت و راوێژکاری ئەڵمانیا بکەم بۆ ئەو یارمەتی و هاوکارییە سەربازییانەی کە پێشکەشی پێشمەرگەیان کرد لە شەڕی داعش و بووە هۆی گۆڕینی باڵانسی هێز لە بەرژەوەندی پێشمەرگە و تۆمارکردنی سەرکەوتنی گرنگ لە بەرەکانی جەنگ، هەر بۆیەش بەشێکی سروودەکەم بە زمانی ئەڵمانییە**







# زولەیخا سەرقاڵی کاری خێرخوازییە

کەتایون ڕەیاحی ئەو خانمە ئەکتەرە ئێرانییەی کە بە کەسایەتی زولەیخا ناسراوە لە زنجیرەی (یوسف) سەرەڕای ئەوەی بە یەکێك لە سەرکەوتووترین ڕۆڵەکانی دادەنرێت، هەروەها بەشداریشی لە چەندین فیلمی سینەمایی بەرزدا کردبوو، بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠١٠ وازی لە کاری نواندن هێنا و بۆ ماوەیەك دوورکەوتەوە.

کەتایون دوای وازهێنانی لە هونەری نواندن سەرقاڵی کاری خێرخوازی بوو، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێکخراوێکی خێرخوازی دامەزراند بە ناوی (کمك) بۆ یارمەتیدانی ئەو مندالانەی کە بێسەرپەرشتن و بە زگماکی گرفتیان لە بیستن هەیە. بەم دواییە لە ئەنستگرام چەند وێنەیەکی خۆی لەگەڵ ژمارەیەك منداڵ بڵاوکردەوە و تێیدا نووسیبووی: ئەوەی لە ژیان فێری بووم بریتی لە خۆشەویستی و سۆز، خانمی سۆز سەیر کە من لەسەر پاشماوە وەستاوم، من ئەمڕۆ بوومەتە مامۆستای خۆشەویستی و زانست، من ئێستا فێر بووم کە بە پشت بەستن بە خوا و هاوکاری هەموو لایەك دەتوانین دوور بفڕین.

جگە لە کاری خێرخوازی بەشێکی کاتیشی بۆ نووسین تەرخان کردووە و لە چەند ساڵی ڕابردوودا دوو کۆمەڵە چیرۆکی بەناوەکانی (پەنجەرەیەك بۆ من) و (ماسییە سوورەکە) چاپ و بڵاوکردەوە.

شایەنی وتنە کەتایۆن ساڵی ١٩٦٢ لە تاران لە دایکبووە و هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە ئەدەب.



# بورهان محەمەد:
# پەنابردنە بەر ئاوازی بیانی تەمبەڵییە

هونەرمەندی بەتوانا و خاوەن ئەزموون بورهان محەمەد کە چەندین ساڵە خزمەتی هونەری کوردی دەکات، دەربارەی سوودوەرگرتن لە هونەری بیانی لەلایەن هونەرمەندە کوردەکانەوە دەڵێ: من بە کارێکی ئاسایی دەزانم کە سوود لە هونەری وڵاتانی دەوروبەری خۆت وەربگری، چونکە زۆر لە هونەرمەندە گەورەکانمان گۆرانی تورکی و فارسی و ئازەرییان هێناوە، بەڵام بە رۆحیەتێکی کۆردانە وتوویانەتەوە و جەماوەریش چێژی لێ وەرگرتووە، بە جۆرێك کە هەستی پێناکرێ ئەمە فارسی، یان ئازەری بێت، بەڵام ئێمە دەچین تەقلیدیان دەکەینەوە و وەك خۆی بە کاری دەهێنین و تەنیا شیعرەکەی وەردەگێڕینە سەر زمانی کوردی، بەمەش هیچ خزمەتێك پێشکەش بە هونەری کوردی ناکەین، من لە شەش شاری هۆڵەندا بە بەشداری چەندین هونەرمەندی موزیکژەنی بەناوبانگی کورد کارم کردووە و بە دەف خەڵکی هۆڵەندام هێناوەتە سەماکردن، چونکە چێژی لە گۆرانییەکە وەرگرتووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی بپرسن ئەمە هونەری کێیە؟ هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کورد بناسن و بەدوای ناسینی کورددا بگەڕێن.

سەبارەت بە سوودوەرگرتن لە ئاوازی بیانیش دەڵێ: پێموایە ئەمە هەست نەکردنە بە بەرپرسیاریەتی و تەمبەڵی و خۆشۆڕکردنەوەیە بە هونەری کوردی، حەسەن زیرەك و محەمەدی ماملێ گۆرانییان لە میللەتانی دیکە وەرگرتووە، بەڵام بە رۆحیەتێکی زۆر زۆر کوردانە وتوویانە.



# رۆئیا ئیسماعیلیان:
# پاراستنی هونەری کوردانی خوراسان کارێکی قورسە

لە نێو کوردانی خوراسان ژمارەیەك هونەرمەندی بەتوانا هەبوون کە توانیویانە هونەری کورد بپارێزن و پەرەی پێ بدەن و نەوە دوای نەوە بۆ یەکتری بگوازنەوە. رۆئیا ئیسماعیلیان یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە لە خانەوادەیەکی هونەری ناوچەی خوراسان هاتۆتەدنیاوە، دایك و داپیری پێش خۆی گۆرانیبێژ بوون.

رۆئیا دەربارەی کاریگەری هونەری ئێرانی لەسەر هونەری کوردانی خوراسان دەڵێ: ئەمە کارێکی ئاسان نییە، چونکە هونەر و موزیکی ئێمە و موزیکی ئێرانی ئاوێتەی یەکتر بوون، بۆیە ناتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم کامیان کوردییە و کامیان ئێرانییە، بەڵام لای ئێمە بلوێر،دەهۆڵ، دووتار، زوڕنا و کەمانچە ئەمانە ئەو ئامێرە موزیکیانەن کە کوردی خوراسان زیاتر بەکاریان دەهێنێت، بە هەمان شێوە فارسیش ئەم ئامێرانە بەکار دەهێنن.

سەبارەت بە چۆنیەتی پاراستنی رەسەنایەتی هونەری کوردی دەڵێ: ئێمە لە ئاهەنگ و زەماوەندەکان گۆرانی و موزیکمان بە زمانی کوردییە، ئەمەش رۆڵێکی باشی هەبوو لە پاراستنی زمان و هونەر و کەلتووری خۆمان بە درێژایی ئەو ماوەیە تا بە ئێستا دەگات، ماوەیەکی زۆر لە نووسین بە زمانی کوردی دابڕابووین، بەڵام ئێستا نووسین بە زمانی کوردی دووبارە پەیدا دەبێتەوە، هەروەها ئافرەتانمان کە فەرش و جلوبەرگ و کەلوپەلی ماڵەوەیان درووست کردووە، هەموویان مۆرکی کوردییان پێوە دیاربووە، بە جۆرێك وای لێهاتووە جلوبەرگ و کەلوپەلەکانمان لە ناوچەی خوراسان ناسراو بوون. بە شێوەیەکی گشتی سەرەڕای ئەو ئاستەنگانەی لە ماوەی دەیان ساڵی رابردوودا هاتۆتە پێشمان، بەڵام بە هەوڵ و کۆششی هەموو لایەك توانیمانە هونەر و کەلتووری رەسەنی خۆمان بپارێزین و لە پێشخستنی بەردەوام بین.



## مەیسەم نەحاس:

# کاری هونەری لە ئێستادا زۆر سەختە

مەیسەم نەحاس یەکێکە لە گۆرانیبێژەکانی لوبنان ماوەی چەندین ساڵە بە بەردەوام گۆرانی دەڵێ، تا ئێستاش چەندین بەرهەم و کلیپی بڵاوکردۆتەوە، ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ گۆڤاری گوڵان ئەنجامدا دەربارەی چەند پرسێکی هونەری.

سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی ئێستای وڵاتانی عەرەبی کاریگەریی لەسەر هونەرمەندان و کاری هونەر مەیسەم دەڵێت: جاران ئێمە زۆر بە ئاسانی لە وڵاتانی عەرەبی خەریکی گێڕانی ئاهەنگی جۆراوجۆر بووین، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە گۆڕاوە، لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبیدا نائارامی هەیە، ئەگەر ناسەقامگیریی سەربازیش نەبێت، ئەوا لەرووی سیاسییەوە ناسەقامگیرن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانین کاری خۆمان بکەین یان ژیانمان پارێزراو بێت، چونکە لە کاتی ئاڵۆزی و شەڕدا کەس ناتوانێت ژیان و سەلامەتیی کەس مسۆگەر بکات، یاخود لە زۆر وڵاتان ڕێگری هەیە لە ئەنجامدانی کاری هونەری ئەمەش دیسان کاریگەریی سلبی دەبێت لەسەر بەردەوام بوون لە هونەر.

دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆی و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەم جۆرە گرفت و ئاستەنگانە مەیسەم دەڵێت: من خۆم تووشی گرفتی جۆراوجۆر بوومەتەوە و زۆر بیرم لەوە دەکردەوە کە ئایا واز لە گۆرانیگوتن بهێنم، یان بەردەوام بم، بەڵام دوای ماوەیەك لە یەکلاییکردنەوەی کێشەکان توانیم لە جاران بەهێزتر بگەڕێمەوە و کاری جوانتر پێشکەش بکەم، بۆیە دەڵێم هونەرمەندیش وەك مرۆڤێکی ئاسایی گرفتەکان کاری تێدەکەن، بەڵام چۆنیەتی گەڕانەوە و زاڵ بوون بەسەر گرفتەکان دەمینێتەوە سەر ئیرادە و توانای ئەو کەسە. من هونەرمەند و دایك و هاوسەرم، کەواتە ئەرکێکی زۆرم لەسەر شانە، سەرەڕای ئەمەش ڕۆژانە کاتی خۆم دابەش کردووە، بەشێکم بۆ وەرزش تەرخان کردووە، هەروەها منداڵ و هاوسەرەکەشم پشتگوێ نەخستووە و لە کاری هونەریشدا بەردەوامم، بەردەوام ئاگاداری کار و هەواڵە هونەرییەکانیشم، ئەمە جگە لەوەی لە خوێندنەوەش دانەبڕاوم، بەردەوام کتێبی دەروونناسی و ڕۆحی و ئایینی دەخوێنمەوە، چونکە ئەم جۆرە کتێبانە وا لە مرۆڤ دەکەن، خۆی بناسێت و باشتر مامەڵە لەگەڵ دەوروبەریدا بکات.

سەبارەت بە پێداویستییەکانی هونەرمەندی گۆرانی و مۆسیقا بۆ بەردەوام بوون لە کاری هونەری مەیسەم دەڵێ: بەر لە هەموو شتێك پێویستی ناسنامەیەکی تایبەت بە خۆی هەبێت کە پێی ناسرا بێت و سەرکەوتوو بێت لە بواری هونەری، هەروەها دەبێ خاوەن کارێزما و ئامادەبوونێکی بەرچاو بێت، لەوانەش گرنگتر پێویستە خاوەن دەنگێکی خۆش بێت، چونکە هەر کەسێك لە بواری هونەریدا کار بکات و خاوەن دەنگی خۆش نەبێت ناتوانێت بەردەوام بێت.

گرفتە کۆمەڵایەتییەکان زۆر جار دەبنە هۆی پەکخستنی هونەرمەندان مەیسەم بەم شێوەیە رای خۆی سەبارەت بەم مەسەلەیە دەربڕی: گرفتەکان بەتایبەتی کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر هونەرمەند هەیە وەکو مرۆڤێك، ئەم هەڵکشان و داکشانانە لە رووی دەروونییەوە کاریگەری دەبێت، لە هەمان کاتدا کارتێکردنی بە سەر کارە هونەرییەکانییەوە دیارە، چونکە زیاتر خەریکی چارەسەر کردنی ئەو گرفتانە دەبێت و ئەگەر بۆ ماویەکی کاتیش بێت هونەرەکەی پشتگوێ دەخات، بەڵام هەرچۆنێك بێت دوای ماوەیەك دووبارە دەگەڕێتەوە ئەمەش سروشتی مرۆڤە.

سەبارەت بە گرفت و ئاستەنگی نێوان خودی هونەرمەندان و هەوڵدان بۆ شکاندنی یەکتری و رکابەریی نێوان هونەرمەندانیش مەیسەم نەحاس پێیوایە هەر هونەرمەندێك ئەگەر زۆر تیشکی بخرێتەسەر، ئەوا دەبێتە مایەی ئەوە کەسانێك هەن دژی دەوەستنەوە و نایانەوێ بەردەوام بێت، بە جددیش هەوڵی شکاندنی دەدەن، جا بە هەر شێوەیەك بێت، من خۆم تووشی ئەو بارودۆخە هاتووم، چونکە جارێکیان باسیان لەوە کردبوو کە گوایە من بەنیاز بووم خۆم بکوژم، ئەمەش هەمووی دوور بوو لە راستی و نازانم ئەو کەسەی ئەم پروپاگەندی بڵاوکردبۆوە، چ مەبەستێکی هەبووە، بەڵام جاریوایە هەندێك لە هونەرمەندانیش هەوڵ دەدەن باسیان بکرێ، تەنانەت پروپاگەندەش بڵاودەکەنەوە، ئەگەر خراپیش بێت، تەنیا بۆ ئەوەی باسیان بکرێت لە دەزگاکانی راگەیاندن و خەڵك لە خۆیان کۆدەکەنەوە و بەمەش زیاتر ناوبانگ پەیدادەکەن، ئەمەش بە جۆرە سەرکەوتنێك بۆ خۆیان دادەنێن.



لە کۆتاییشدا سەبارەت بەو ئافرەتانەی کە پشت بە ورووژاندن دەبەستن بۆ بەردەوامبوونیان لە مەیدانی هونەری، مەیسەم دەڵێ: هەندێک لە ئافرەتە گۆرانیبێژەکان زۆر پشت بە دەنگیان نابەستن، بەڵام لە کۆتاییدا دەنگە رەسەنەکان و هونەرمەندە راستەقینەکان ئەوانەی بەهرەی هونەری و توانای پێشکەشکردنی خزمەتیان هەیە بۆ جەماوەر بە دیار دەکەون، کە کێن و کێن ئەوانەی تەنیا خۆیان نمایش دەکەن، بەڵام ئەوەشمان بیر نەچێت، ماوەی چوار تا پێنج ساڵ دەبێت دەنگ بە تەنیا گرنگ نییە بۆ سەرکەوتنی هونەرمەند، بەڵکو پێویستی بە دەنگ و رەنگ هەیە، واتە رووخساریش رۆڵی دەبێت، ئەمەش دیسان دەمێنێتەوە سەر ئەو کەسەی گۆرانی دەڵێ، هەر کەسێکیش ئازادە، ئەوەی بیەوێ دوارۆژێکی هونەری باشی هەبێت، پشت بە دەنگ و توانا هونەرییەکانی خۆی دەبەستێت و ئەوەانەی بیر لە دوارۆژ ناکەنەوە و تەنیا بۆ کات بەسەربردن گۆرانی دەڵێن، ئەوانە زۆر گرنگی بە توانا و ئاستی هونەرییان نادەن.